# سەدو یەکشەوە



## سەباح رەنجدەر

**وێنە**

پەپوولە دوای ئەوەی
بەپەیژەی چرا سەرکەوت
سادەیی رووناکی پاراست و دابەزی
خەیاڵی پڕبوو لە یادو گەڕانەوەی برادەرانی
بەهۆگرییەکی زۆرەوە هات
بۆنی گەشتیشی لەدەم دەڕژا
چیرۆکی بەر لەخەوتنی بۆ من گێڕایەوە
دواتر لە ناو لاپەڕە بۆنخۆشەکانی
کتێبە وێنەدارەکەم شادومان بوو
وێنەی پەپوولەیەکی بەدایکە گەورەی زەمین چوواند
کوڵمی پاکیزەی بۆنکردو لە تەنیشتی یەکپشی خەوت
لە پڕ رووی ئاسمان تەنیا سەرێکی تێداما
بەپێوانەی گەشەی گیا
هەموو وەرزەکانم دۆزییەوە

**شیعر**

چاو هیچ گرینگ نییە
هەرگیز نەیتوانیوە گیان بدۆزێتەوە
من بەهەستی پیت



دەڕۆمو ختووکەی وشە دەدەم
برادەری ملوانکەی باب و باپیران لە مل ئەی رووناکی!
ڕستە ئەو بەخشندەییەی دامێ
دەنگێکی روونو ئاشنا لە هەناوی شیعرەوە
چلچرای هەموو چاخەکانی کردە ئاوێنەی ئاسمان
هەموومان خۆمان لە ناو داگیرساند
منیش بەوەمزانی
لەسەر زەوی نەرمو نیانی شیعردا لەدایکبووم
شیعریش پێش من روخساری پشکوتوو بوو

**ڕژان**

هەندێك میوە لە زەمبیلەی
ژنە شۆخەکەی هاوسێمان ڕژا
دەبێ چەند هێز لە هەناوم تاو بدەم
دەبێ چەند دەمار لە جەستەم هاربکەم
ئەو رژاوە لە کۆشی کۆڵان
خڕبکەمەوەو بیهێنمەوە ماڵ
ئەرێ ئەم میوەیە ناوی چییە
نووستبووم ژنە شۆخە میوە رێژەکە
چرای کۆڵانی هەڵگیرساندو کوژاندیەوە
سوارێك لە بۆراق دابەزی
تەماشای دەرگا خامۆشەکانی کرد
مانگی بەسۆز
خزایە حەوشەکان و دڵسۆزی نواند

**پێوەندی**

تیشکێك کە وەك دڵی سیمرغ لێدەدا
لە ناو چاوم هەڵبوو
خۆم ئامادەکرد بۆ تەماشاکردنی درەختەکەی
تازە لە حەوشەم رواندبوو
بزانم ڕەگەکانی لەگەڵ خۆڵی باخچە بچووکەکە
پێوەندیان بەتین کردووە
یان داوای هیچ یارمەتییەك دەکات
دەستوپێم بوون بەکانیو مێرگ لە دەشتی گیان

دڵشکاڻو ئاوابوون توخوا وریاتر
بەرەو دەموچاوی تازە شۆراوم هەنگاو هەڵێنن
مانگ لە ناو دەستی من و دڵی سیمرغدایە
هێشتان هەڵنەهاتووە.

**چاو**

شار باخچەی ئاژەڵی دڕندەیە
بیٚ ئاگایە لە ئازارو برین زیاد دەکات
دێمە بەر سینەی شکۆمەندو پڕ هاوارت
ئەی گومەزی هەوێنی تاج و ڕەنگی دڵ
قومرییەك لە ناو چوارینەکانی بابەتاهیر
تێر دانی ئەفسانەی خوارد
بەناوچەوانی خانووەکەمان نیشتەوە
سەربانی نانو ئاوە
لەسەر باڵدا ژیان
ئەڵقەی بەختی خەواڵووی حاجی قادر دەسووڕێنیٚ
ئەریٚ چاوی تیمساح دەبێتە ئاوێنە یان نا
چاو ناو دەنێین دەشتی راز
کە هەمیشە لێو ڕێژە لە
تاسەی سەوزبوونو دەنگخۆشی

**گۆزە**

نزا بۆ باڵندەی درەختنشین
حەزی ئەو گەشتە دوورودرێژە چییە
بەئاسمانەوەی
بۆ نایدرکێنیت
ئاگاداری دڵی نەرمونیانی زەوی نیم
گوێتان مەخەوێنن
قسەی ناو حەکایەتەکان گەرمەو دەیدرێکنم
دادەبەزم و لەناوتان نیشتەجیٚ دەبم
باڵ و پیٚ هێزی خوابەخش
دڵی گیانە چەتوونەکان دادەخورێنن
وەفادار و بەمژدەی گۆزە هەنگوین خرۆشاوم
نوێژی دەویٚ

ئاگاداربوون لە دڵی نەرمونیانی زەوی
پەڵەیەك رووناکی هێندەی ناوچەوانم
کەوتە سەر دەموچاوی زەوی

**گریان**

ئەسپێك هاوەڵی سێبەری مانگ بوو
سەری بەدەرگامەوە نا
هەناسەکانی ترێی دەروونمی کردە شەراب
کەسی لێ دانەبەزی
هاتبوو شقارتە لەتەنیشت مۆمی سەرمێزم دابنێ
بزانێ چۆن لە ناو شیعردا باس دەکرێ
بۆنی دەست و پەنجە و مەرەکەب تاسەی زیاد نەکرد
بەرێگایەکی جێهێڵدرا و وێرانەدا گەڕایەوە
برژانگەکانی ژاکان
فرمێسكو مۆسیقای ناڵی
پەناو هاناو دڵنەوایی بوون
گەرماییان دەڕژاند
شاعیرێك قسە بۆ پشکووتنی بەهار دەکات
رەنگەکانی باڵی پەپوولەشی بۆ ناژمێردرێ

**ژماردن**

دەستم هەڵبڕی و هاوارم کرد
چی لە چەندوچوونی مەحوی پەنهانە
ئەو هەوایەی دەستمی گەمارۆدابوو
یان بەرزی دەکردەوە
لەسێبەرم راوەستاو بەهەڵەشەییەوە گوتی
بژی سروود بێژی جەنگ
گوڵاڵە سوورە دڵی نییە
سپێدەکە ئاشقەکانی دەژمێرێ
چاوی کۆتری هەڵێنا
پەرییەك لە ناو گۆزەیەکی دێرین دەرهات
دەستەکانی کردبووە هێما
بۆ ناسینی ماڵی هەمووومان
بەلەنجەولار رایدەکرد

لەخۆشحاڵیدا سوور هەڵگەڕابوو
لەگەڵ هیچ کەس
تەورات و ئینجیل و قورئان ناخوێنێتەوە
وەك شیعر دەژی

**نەخش**

کەروێشك کە بەناو
شاخ و بێستان و دارستاندا بەتوندی رادەکات
ترس لە جانەوەری کێوی و شێتی نییە
دەیەوێ نەخشی پێی
وەك شوێنەواری بەبریق و باق بەرچاوبخا
بزانێ نەوەکانی وەفایان بۆ پاراستنی چەندە
گەنجینەی گیانم خودایە سوپاست دەکەم
واتکردووە لە ئێستادا بژیم
وێنەی گوڵە ئاگرێك
بکێشم و شەکر و مۆم
بۆ شەوی شیعر نووسین ئامادەبکەم

**ناسین**

درەختی تێکەڵ بەگڵۆپی ماڵم
بۆ ژیانێك بەرزبووەتەوە خەونی تێدا بێت
هێلکەی مەل و گیانی بەئومێد
لە ناویدا بەمراز دەگەیشت
منیش لە بەر رووناکی بەروبوومی
دیوانی شاعیرانم ناسیو فووم لە دەمی منداڵانکرد
بەدارە دارە کەوتن
درەختێك لە بەر باراندا
هەموو پەلك و بەرو گوڵەکانی خستەوە بن پێستی
درەختێکن لك و پۆپی داپاچی
دڵی پڕبوو لە هاتنە پێش و ئازایی
لك و پۆپی چەشنی مست وەشتێنێك
بەرەوچاوی بەرزکردەوە
دەستت بەخۆتدا شۆرکەرەوە
ئەی گورگی ئێسك لە گەروودا شکاو

**ئەیلوولی 2007/هەولێر**